

# خۆزگەی گچکەکان گەورەکان

ئامادەکردنی: سامان عەزیز



**فریشتە موحسین**
**١٠ساڵ**

خۆزگە ببمە مامۆستا تا منداڵان فێرە خوێندن و نووسین بکەم.



**د. عەلی سەعید**
**٥٧ ساڵ**

بە منداڵی حەزم ئەکرد ببمە پزیشک، ئێستاش دکتۆرم و راگری کۆلیژی پزیشکیم لە زانکۆی سلێمانی.



**بابۆ دلێر**
**١٠ ساڵ**

خۆزگە ئەخوازم ببمە پرۆفیسۆری کۆمپیوتەر.



**د. نسرین عەبدولڕەحیم**
**٥٤ ساڵ**

خۆزگەی منداڵیم ئەوەبوو ببمە دکتۆر، ئێستاش دکتۆرم و مامۆستام لە کۆلیژی پزیشک - زانکۆی سلێمانی.



**سونبل حەیدەر**
**١٣ ساڵ**

خۆزگە ببمە ئەندازیار تا رێگە و بانی وڵاتەکەم رێکوپێک بکەم.



**د. فەرەیدون عەبدولبەرزنجی**

خۆزگەی منداڵیم ئەوەبوو، بتوانم لەرێی بەهرەیەکەوە خزمەتی گەل و نیشتیمانەکەم بکەم، توانیم بەرهەمی شیعری و چەند توێژینەوەیەک لە سەر زمانی کوری پێشکەش بکەم. ئێستاش مامۆستام لە بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی زمان - زانکۆی سلێمانی.



**فەرهاد خالد**
**١٠ ساڵ**

خۆزگەم ئەوەیە ببمە هونەرمەند.



**ئاڤان عومەر**
**٢٠ ساڵ**

خۆزگەی منداڵیم ئەوەبوو ببمە مۆسیقاژەن، ئێستاش لە قۆناغی سێیەمی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی ئەخوێنم.